# توركية و قةيراني ثموةندي ... مةنسوور عةزيزي



قەیرانە سیاسییەکان لە تورکیەی پاش دەسەڵاتی عوسمانی لە لایەن موستەفا کەمال ئەتاتورکەوە بەو پێواژوویەدا هەوڵدرا بۆ چارەسەر کردنیان کە ووشەی زۆر و هێزی زەبر هاتنە کایەوە و جێ نەمایەوە بۆ خوێندنەوەی خەڵکانی دیکە. تورکانی لاو هەر لە رێنووسەوە بگرە تا چەك و سووتاندن و راوەدوونان، شێوەی دەسەڵاتدارەتی خۆیانیان لە گەڵ دەسەڵاتی عوسمانییەکان، گۆڕی.

ئەمجارەیان تورکە لاوەکان رژێمێکی توتالیتاری ئەوتۆیان پێکهێنا کە زۆر زوو ولە پێش فاشیستێتی ئیتالیا و نازیسمی ژرمەنییەکان، هەوڵیدا بۆ لە ناوبردنی هەر شێوە رەوتێکی رامیاری لە وڵات و دەستیان کرد بە نەهێشتنی سەرجەم ئەو بیرانەی کە ویستی ئازادیخوازییان تیادا دەرووا و لە هەمان کاتدا وێرای ئەوەی کە کلاویان نایە سەر کوردەکان، پاشان هەوڵیشیان دا بوونایەتی نەتەوەیی گەلی کورد لە باکووری کوردستان بخەنە مەترسییەوە و لەو پێناوەشدا دەستیان کرد بە پەرەپێدانی هزری پان تورکیزم و گواستنەوەو ئاوارە کردنی کوردەکان لە شوێن و مەڵبەندی خۆیان بۆ شارە تورکەکان و لە لایەکی دیکەشەوە ناو و ناتۆرەی تورکە کێوییەکانیان لکاند بە کوردەکانی باکووری کوردستانەوە.

لە مێژووی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا کێشەی نەتەوەیی و ئایینی زۆر هەبوونە و هەردەم بە زۆر و لە رێی گووشاری دەسەڵاتەوە هەوڵ دراوە بۆ چارەسەر کردنیان، وەك کێشەی ئەرمەنییەکان و هەوڵدان بۆ لە نێو بردنی هەر شێوە ویستێکی کولتووری و فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی گەلی کورد و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی و..
.

بەڵام ئایا تورکە لاوەکان چییان کرد؟ بادانەوەی موستەفا کەمال ئاتاتورك لە رۆژهەڵاتەوە بۆ لای جیهانی رۆژئاوا و گۆڕانی رێنووسی وڵات و پەردە دادان بە سەر سەرجەم ئەو هەموو گێرە و کێشە سیاسیانەی کە لەودەمی تورکیەدا زۆر زەق بوون، چارەسەری کێشەکانی کرد؟ تورکیە، دەروازەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ڕووی ئوروپا، لە گەڵ کێشانی هێزی سەربازی خۆی بۆ قبرس و خۆ قووت کردنەوە بۆ هاوێشتنی زیاتری سێبەری ئێمپراتۆریخوازیی، لە سەر کام رێیاندا وەستاوە لەمرۆی سیاسەتی سیاسی و ئابووری جیهاندا؟

خاوەن دەسەڵاتێکی "عیلمانی"، بەڵام دیکتاتۆر! هەوڵدەر بۆ چوونە نێو یەکێتی ئوروپا، بەڵام نادێموکرات! خاوەن حەشیمەتێکی بەرچاو، بەڵام پڕ لە کێشە، لە سەرجەم بوارەکاندا.

ویستی تورکیە بۆ نزیك بوونەوە لە جیهانی رۆژئاوا لە سەردەمێکدا بوو کە جیهان دوو جەمسەری بوو. ئەو کاتە وڵاتی تورکیە، بە کردەوە بوو بە ئەندامی ناتۆ. ئەوە لە کاتێکدایە کە وڵاتانی ئوروپای رۆژهەڵات لە بەرەی رۆژهەڵات و لە دەوروبەری پەیمانی وەرشۆدا کۆ بووبوونەوە.

ئەمرۆ تورکیە نازانێ چۆن بەرەو پێش بچێ لە گەڵ ئوروپا و گەر بەرەو پێشیش نەچێت، نازانێت چۆن بگەڕێتەوە دواوە. ئەوەیە کە ناوبەناو دەبیسین و لە رێی میدیاوە دەبینین کە تورکییە جارێك چرا سەوز بۆ ئیسرائیل هەڵدەکا و جارێك بۆ جیهانی ئیسلامی، جارێك ئوروپای دەوێ و جارێکیش رووەو روسیە داوا و هەنگاوی ویستەکانی دەنێت.

ئایا هەراسی تورکەکان لە چیدایە کە بە هەموو لایەکدا پەلی پەلەقاژە دەهاوێژن؟ بۆ پێوەندی دێرینی خۆیانیان لە گەڵ ئامریکادا خستە مەترسییەوە؟ بۆ باڵوێزی خۆیانیان بۆ ماوەیەك لە وڵاتی ئیسرائیل کشاندەوە؟ سەرلێشێواوی تورکیەیە کە وای لێدەکات لە لایەك دەستی دۆستی و هاوپەیمانەتی بۆ ئێران و سوریە راکێشێت و لە لایەکی دیکەوە رووە و رۆژئاوا نوێژ بخوێنێت یان بلیمەتی دیبلوماسی ئەم وڵاتەیە لە هەمبەر کێشەکاندا؟ ئایا هێزی پاوانخوازی هەڕەشە لە سەر زمانی تورکی جاران، دژ بە باشووری کوردستان، بۆ لەمرۆدا زۆر لە جاران بێهێزتر و بە ترستر و بە پارێزترە؟

ئایا تورکەکان دەتوانن خۆ لە قەیرانی وەسەریەك کەوتووی یەك سەدەیی، لە بواری ئابووری و سیاسی و کولتووری و.. . ، خۆ رزگار بکەن،یان تەنانەت پێوەندی و چۆنیەتی پێوەندی گرتنیشیان بە دەوروبەر و جیهانیش،بۆ دەبێت بە قەیرانێکی دیکە!

2004 .12 .07

مەنسوور عەزیزی